وەزارەتی دەرەوەی ئێران ئیسرائیل تەمەتبار دەکات بە هەکاری تەقینەوەکانی لوبنان

وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران، کردەوەی تەقینەوەکانی لوبنان و بە ئامانجگرتنی ئەندامانی حیزبوڵلای لوبنانی بە تەقاندنەوەی ئامێرەکانی پێیوەندی پێجەر، بە نموونەی کوشتنی بەکەمەزانی و بە توندی ئیدانەی کرد.

ناسر کەنعانی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران وتی: ئەپراسیۆنی تیرۆریستی لە لوبنان وەک درێژەپێدەری ئەپراسیۆنەکانی ژەمی زایۆنی و بریکار بەکرێگیراوەکانیان ئەنجامدراوە و پێچوانەی هەموو بنەما ئەخلاقی و مرۆییەکان و یاسای نێودەوەتیە.

وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی کەماری ئێران دەشێت: ئەم کردەوەی تیرۆریستییە کە لە ڕاستیدا جۆرێکە لە کوشتنی بەکەمەزانی، جارێکی تر بە ڕوونی دەسەلمێنێت کە ژەمی زایۆنی جگە لە ئەنجامدانی تاوانی جەنگ و جینۆساید دژی گەلی فەلەستین، هەڕەشەیەکە بە سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوەتی.

دونە چوارشەمە، ماتیو میلەر، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبارەی ئەم ڕووداوە کە بووە هۆی کوژران و بریندارباوونی سەدان ئەندامی حیزبوڵلای لوبنان ڕایگەیاند: پێیوەندیمان بە تەقینەوەی ئامێرەکانی پێجەر-ی لوبنانەوە نییە.